

# لەڕۆژی هەشتی مارس ئافرەتان داوای زیادبوونی ڕێژەی ئافرەت دەکەن لەکابینەی تازەدا

**هەشتی مارس ئەو ڕۆژەیە بۆ ئافرەتان بیرخستنەوەی دەستکەوتەکانی ئافرەتانە وەك تاکێکی کۆمەڵگە و پەیامێکیان هەیە بۆ یەکخستن و بەگەڕخستنی سەرجەم تواناکان بۆ داکۆکیردن و بەدیهێنانی مافەکانیان، بەڵام ئەمساڵ ئافرەتان جیاواز لەساڵەکانی تر یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە دەکەنەوە. لەم ڕۆژەدا ئافرەتان داوای زیادبوونی ڕێژەی ئافرەت دەکەن لەکابینەی تازەی حکومەتی هەرێم، چونکە پێیانوایە «نێچیرڤان بارزانی» کەسێکی کراوەیە و بەپشتیوانی ئافرەتان دایدەنێن و داواکارن هیچ نەبێت لەم کابینەیە سێ ئافرەت هەبێت لەحکومەت.**

ڕۆشنە عومەر

چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کودستان سەبارەت بەڕۆژی جیهانی ئافرەت وتی «وەك نەریت من دەمەوێت پیرۆزبایی لەهەموو ئافرەتانی کوردستان و جیهان و هەموو کۆمەڵگە بکەم، من وەك تۆ نیگەرانم لەوەی کەتەنیا لەڕۆژی هەشتی مارس باسی ئافرەت دەکرێت و لەو ڕۆژەدا هەموویان باسی ئافرەت دەکەن، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر ئەو بابەتانەیان لەبیردەچێتەوە، من هۆکارەکانی بۆ کۆمەڵێك شت دەگێڕمەوە، بێگومان ئێمە لەکوردستاندا ژمارەیەك



**چنار سەعد عەبدوڵڵا**

## داوادەکەین لەکابینەی حەفتدا ئافرەت لەناوەندی بڕیارداندا هەبێت و هەروەها پلەی هەبێت لەناوەندی بڕیاردا

زۆر لەڕێکخراوی ئافرەتان و ئافرەتانمان هەیە هەریەکەیان کار لەسەر پرسێکی ئافرەت دەکات. بێگومان ئێمە ناتوانین بڵێین ئەو ڕێکخراوانە کاریان نەکردووە، جێ پەنجەیان دیارە لەدەرکردنی دەستووری عێراق کە ڕێژەی کۆتا بۆئافرەت زیادکردنی بۆسەدا سی و پێوەندی ئەوان بۆ جموجۆڵکردنی ڕۆڵی ئافرەت، بەڵام هێشتا کار و چالاکیەکانی ئەوان نەیانتوانیوە چارەسەری سەرجەم پرسەکانی ئافرەت بکەن. هەروەها «بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی» ئەندامی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) وتی « لەگەڵ یادکردنەوەی (٨)ی مارسدا ڕۆژی جیهانی ئافرەتان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هەموو ئەو نەهامەتی و زوڵم و زۆرەی کە بەرامبەر بەتاکێکی کۆمەڵگە کراوە لەبەرئەوەی مێینەیە، چ لەزەوتکردنی ماف و ئازادی و بگرە ژیانیشیدا، چونکە بۆخۆی (٨)ی مارس بەرپەرچ دەرەوەی ستەمکاری و زوڵمەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوو بەرامبەر بەژن و جوڵاندنی ویژدانی کۆمەڵگە زلهێزەکانی دنیاش بوو بۆ داننان یاخود کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتیەکانی ئەم تاکەی کۆمەڵگە، دواتریش بڕیاردان لەسەر چەندین بنەمای گرنگی پاراستنی ئەم مافانە هیچ نەبێت وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە ئەگەر بە پلەدووش سەیر بکرێت!

### ئافرەتان هەمیشە خەندەقیان شکاندووە

سۆزان خاڵە شەهاب ئەندامی پەرلەمان لەلیستی کوردستانی سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان وتی «بۆ بەرز ڕاگرتنی هەشتی مارس بۆ سەرجەم ئافرەتانی کوردو ئافرەتانی جیهان پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەیان لێدەکەم، چونکە ئافرەتان هەمیشە خەندەقیان شکاندووەو خەباتیان کردووە، هیوادارم بتوانین هەشتی مارس لەشێوازە تەقلیدیەکەی بهێنینە دەرەوە و بچینە شێوازێکی پراکتیکی و باسی ئەوەبکەین بۆ ساڵی داهاتوو چیبکەین بۆئەوەی کێشەکان کەم بکەینەوە و پلانی تایبەتمان هەبێت.

شیرین ئامێدی سەفیری ئاشتی دەڵێت: ئەگەر بەراوردی ئافرەتی خۆمان بکەین لەگەڵ وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین دەستکەوتی زۆرمان بەدەستهێناوە، وەك دەوترێت ئافرەت ناتوانێت داوای مافەکانی بکات هەتا ئەو کاتەی کە ئابووریەکی ئازادی نەبێت، ئافرەتی ئێمە زۆریان پلەی ئیداری گرنگیان هەیە و هەندێکیان سەرمایەدارن، ئەنجوومەنی خانمان کار دەکات بۆئەوەی مافی ئافرەت دەستەبەر بکات، نزیکەی ١٢٠٠ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکەن بۆ برەودان بەتواناکانی ئافرەت، لەڕووی یاساییەوە چەندین یاسا لەگشت بوارەکان دەرچووە بۆخزمەتی ئافرەت، بێگومان یەکەم دەستکەتی ئێمە لەساڵی ١٩٩٢ بەشداری ئافرەت بوو لەهەڵبژاردن و دواتر لەپەرلەمان کە ڕێژەیەکیان بۆدانرا، بەمەش تاڕاددەیەکی باش ئافرەت پێشکەوت، لەدوای ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێم قانونی ئیدارەی دەوڵەت کەبەقانوونی بریمەر ناسراوە، یەکێك بوو لەو یاسایانەی کە ڕێژەی کۆتای بۆئافرەتان دانا ئەویش ٢٥٪بوو، سەرۆك بارزانی یەکەم کەس بوو کە پیرۆزبایی لەئافرەتان کرد بەم بۆنەیەوە، لەقانونی



**سۆزانی خاڵە شەهاب**

## دەبێت لە کابینەی حەوت باڵانسی جێندەری لەسەرجەم دامودەزگاکان دابەش بکرێت


ئیدارەی دەوڵەت لەبڕگەی سێدا دەڵێت: (مشاركة المرأة في كل المجالات الحياة السياسية و السلطات الثلاثة) ئافرەتی کورد دوای بیست ساڵ لەڕاپەرین بەقەناعەتەوە دەتوانێت بڵێت من بەشدارم لەهەموو پۆستە سیاسیەکاندا.

### کابینەی پێنج بەکابینەی پارێزگاری کردن لەمافی ئافرەت دادەنرێت

چنار پێیوایە یەکێك لەو سیما جوانانەی کە دەدرێتە کابینەی پێنجەم ئەوەیە کە کاك نێچیرڤان کەسێکی کراوەیەو پشتیوانی ئافرەتە لەبەر ئەوە بەکابینەی پێنج دەوترێت کابینەی (پارێزگاری کردن لەمافی ئافرەت) و دەشڵێت «چونکە لەم کابینەیەدا زۆرترین



دەستکەوت بۆئافرەتان هەبوو هەر لەکردنەوەی بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی و کردنەوەی شەڵتەرەکان و هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی و کردنەوەی وەزارەتێك تایبەت بەئافرەتان، هەرچەندە وەزارەتی هەرێم بوو، لەگەڵ کۆمەڵێك پرۆگرامی تایبەت، ئەوەبوو سێ وەزیری ئافرەت هەبوو، بەڵام لەکابینەی شەشەمدا چاوەڕێمان دەکرد پرۆژەی باشتر و بەهێزتر هەبێت و ڕێژەی ئافرەت زیادبکرێت، کەچی بەداخەوە ڕێژەکە کەمتربوو لەناو کابینەکەدا، بەوەش دەبێت گلەیی لە حزبە سیاسییەکان بکەین



شیرین ئامێدی

## سەرۆک بارزانی یەکەم کەس بوو پیرۆزبایی لە ئافرەتان کرد بەبۆنەی پرۆژەیاسایی کۆتا دانرا


ئەو حزبانەی کە کابینەکەیان پێکهێناوە و ڕێژەکەیان کەمکردووە. چنار لێرەوە داوادەکات لەکابینەی نوێدا ڕێژەی ئافرەت زیادبکرێت، هیچ نەبێت لەسێ ئافرەت کەمترنەبێت. دەشڵێت «چونکە ئەوە مافێکی شەرعی و مافی خۆمانە داوادەکەین لەکابینەی حەفتدا ئافرەت لەناوەندی بڕیاردانەدا هەبێت و هەروەها پلەی هەبێت لەناوەندی بڕیاردا دەتوانێت لەئاییندە خزمەتی ئافرەت بکات.

سەبارەت بەپەیامی ئافرەتان بۆ کابینەی حەوت بێگەرد وتی «گرنگی دان بەپاراستنی ئازادیە تاکییەکان لەهەرێمی کوردستان، کەمکردنەوەی توندوتیژی و سزادانی ئەو کەسانەی بەهەر بیانوویەك دەیانەوێت برەو بەزوڵم و زۆر و دواکەوتوویی بدەن. هەروەها گرنگیدانی زیاتر بەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دامەزرێنراون و چالاکترکردنیان و لێپێچینەوەیان لەهەر کەمتەرخەمیەك بۆئەوەی ببن بەو نێوەندە فریادرەسەی کە ئافرەتان لەئاکامی هەر گرفت و کێشەیەکدا خۆیانی تێدا ببیننەوەو چالاکترکردنی دادگاکان و پشتیوانی کردنی زیاتریان بۆ جێەجێکردنی ئەو سزا یاساییانەی کە تایبەتمەندن بەکێشە خێزانیەکان و پێشێلکردنی مافەکان، چونکە هەمووان پێویستە لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بین. بۆ دەرخستنی ڕوویەکی ڕاستەقینە لەپراکتیزەکردنی دیموکراسیەت و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی هەنگاونانی جدی لەهوشیار کردنەوەی کۆمەڵگە زۆر پێویستە بۆئەوەی هەمووان لەئاستی درك کردنمان بەمافەکانی یەکتری بەرپرسیارانە مامەڵە بکەین کە ئەمەش دەکرێت لەرێگەی وەزارەتی پەروەردەوە کاری باشی لەسەر بکرێت و جگەر گۆشەکانمان بۆ لەمەودوا بەئەرك و مافەکانیان ئاشنا بکرێن لەئاستی کەمکردنەوەی جیاوازیەکان هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە.

### ئەو ئافرەتانەی پێشتر وەزیر بوون و پۆستیان هەبوو توانیویانە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و سەرکەوتووبوونە لە کارەکانیان

سۆزان خاڵە شەهاب پێیوایە زیادکردنی ڕێژەی ئافرەت لەحکومەتدا لەهەموو کابینەکان ئەو داواکارییە هەبووەو دەڵێت «ناڵێم ئافرەت دەبێت بکرێتە وەزیر، بەڵکو دەبێت باڵانسی جێندەری لەسەرجەم دامودەزگاکاندا دابەشبکرێت، لەبەر ئەوەی لای ئێمە سەرەتا پیاو دەهێنن پۆستەکان هەمووی پیاون لەپێشدا بیر لەپیاو دەکرێتەوە دوای ئەوەی هەمووی لەنێوان پیاواندا دابەشدەکرێت، ئینجا ئافرەتیان بیردێتەوە، ئێمە دەڵێین ئافرەتی چالاکمان هەیە سوود لەبەهرەو تواناکانیان وەربگرن بۆئەوەی ئەوانیش بتوانن خزمەت بەکۆمەڵگە بگەیەنن.

شیرین ئامێدی دەڵێت «کابینەی پێنجەم بەسەرۆکایەتی کاك نێچیرڤان بارزانی گەورەترین دەستکەوتی هەبوو بۆ ئافرەت، لەوانە یەکەم وەزارەتی تایبەت بەئافرەتان و چەندین یاسای تری تایبەت بەئافرەتان هەموار کرا، ئەنجوومەنی خانمان دامەزرا کەیەکێك بوو لەپرۆژە گرنگەکانی کابینەی پێنجەم کە ئێستاش ئەو ئەنجوومەنە کار دەکات، ئەمانە هەموویان بەشداری سیاسین، ناتوانین بڵێین تەنیا دانانی وەزارەتێك بەشداری سیاسیە، وەزارەتی ئافرەتان نەیتوانی کاری گرنگ بکات ئێستاش ئەگەر ئەنجوومەنی خانمان پلانی باشی نەبێت،



بێگەرد دڵشاد

## جگەر گۆشەکانمان بۆ لەمەودوا بەئەرک و مافەکانیان ئاشنا بکرێن لەئاستی کەمکردنەوەی جیاوازیەکان هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە

ئەوا ناتوانێت کاری گرنگ ئەنجام بدات، من وەك ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دڵنیام پارتی ئافرەت بەشداری پێبکات و ڕۆڵی پێبدات، ئێستا هەرێمی کوردستان چاوی لەسەرە لەهەموو لایەکەوە کە ئایا پشك و بەشداری ئافرەت لەکابینەی داهاتوودا چەند و چۆن دەبێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو ئافرەتانەی پێشتر وەزیر بوون و پۆستیان هەبوو توانیویانە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و سەرکەوتووبوونە لە کارەکانیان.

# لەبەرئەوەی کێشەکانیان بۆ چارەسەرناکرێت ئافرەتان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن

نەقیب ژیلەمۆ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەشاری هەولێر وتی «ئێمە ناتوانین بڕیاربدەین ئاخۆ ئافرەت خۆی دەکوژێت یان دەکوژرێت ئەمە پزیشکی دادەوری بڕیار دەدات، ئاخۆ ئافرەتەکە خۆی کوشتووە یان کوژراوە، دەربارەی چۆنیەتی زانینی جۆری خۆکوشتنی ئافرەتان. د. یاسین بەڕێوەبەری پزیشکی دادەوەری هەولێر دەڵێت «ئێمە لەتەمەنی دوانزەساڵی بەسەرەوە ناویان دەنووسین بەگوێرەی جۆری کوشتنەکە ئایا توندوتیژی بەرامبەر کراوە یان نا؟، هەروەها جۆری کوشتن و سووتانەکەش دیاری دەکەین، هەروەها زۆربەی خۆکوشتنەکان لەتەمەنی هەرزەکاری دان و زۆر جاریش بەپێی وەرزەکان کوشتن زیاد و کەم دەکات. سەبارەت بەکۆنتاکتکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایتی توندوتیژی ئافرەتان «د.یاسین» دەڵێت: بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەئافرەتان دوو ساڵ بەر لەئێستا کۆنتاکتیان زۆر باش بوو لەگەڵمان، بەڵام ئێستا وەکو جاران نییە زۆر جار لەڕێگای تەلەفۆنەوە پێوەندیمان هەیە بەس چەندین هەمانگیمان هەبێت باشترە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. نەقیب ژیلەمۆ سەبارەت بەنەبوونی کونتاکت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دادوەری پزیشکی هەولێر وتی «بەبەردەوامی کۆنتاکتمان لەگەڵ سەرجەم شوێنەکان هەیە، بۆنموونە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر و هەروەها بەڕێوەبەرایەتی دادوەری پزیشکی هەولێر و نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی.

## کۆمەڵگە هاوکاری ئافرەتان ناکات بۆئەوەی بتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەربکات

سۆزان عارف بەڕێوەبەری تواناسازی ئافرەتان لەهەولێر پێیوایە، زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەکوژن لەڕاستیدا کوژراون و دەشڵێت «چونکە زۆربەی ئەو ئافرەتانە لەلایەن کەسووکاریانەوە دەکوژرێن، بێگومان ئەو ئافرەتانەی کەخۆشیان دەکوژن هەرکۆمەڵگە بەرپرسیارە، چونکە کەس هاوکاری ناکەن ئەگەر ئافرەتێك بیەوێت چارەسەری کێشەکەی بکات هەموو کەس دژایەتی دەکات، تەنانەت ئەگەر ئافرەتێك بیەوێت کێشەکەی چارەسەر بکات سەردانی بنکەی پۆلیس یان هەر دەزگایەك بکات تووشی کێشە دەبێت، لەبەر ئەوە ئافرەت کێشەی زۆرە کەس هاوکاری ناکات سۆزان ئەوەشدەخاتەڕوو، کە تاکو ئێستا شێوازێکی باشمان بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکان نەدۆزیوەتەوە، بۆیە ناتوانین بگەینە ئەنجام و تائێستا بەرنامەیەکی وردمان نییە تەنانەت ئەو دەزگایانەی کە بۆ کێشەی ئافرەت کاردەکەن شارەزاییان بەرامبەر بەمافی ئافرەت نییە و ئەو هەموو دامودەزگایانەی کە هەن کادیرەکانیان مەشقیان پێنەکراوە و بەپەلە دروستکراون. سۆزان ئەوەش دەڵێت «دەبێت سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرلەمان بەیەکەوە کاری جددی بکەین بۆسەرخستنی کارەکان.

جەزا حەمەساڵح
سەرۆکی توێژەرانی





w



کۆمەڵایەتی لەسلێمانی دەڵێت «بەڕاستی ئەگەر باسی ئەوە بکەین ئافرەتان دەکوژرێن یان خۆیان دەکــوژن، بەتێڕوانینی من یان وەك توێژەرێــك كە لەســەر ئــەو حاڵەتە کردوومانە ئەگەر کوشتنەکە بەگوللە بێت یان بەخنکان بێت، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ئافرەتە لەلایەن کەســانی ترەوە کوژرابێت، بەڵام ئەگەر بەحەب خواردن بێت ئەگەری ئــەوە هەیە ئەو ئافرەتە خۆی کوشــتبێت، بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستی لەناوەڕۆکی بابەتەکە بگەین، ئــەوا دەبێت حکومەت و وەزارەتی کاروبــاری کۆمەڵایەتی لەهەر گەڕەکێك و لەپێنج ســەد ماڵ یان هەزار ماڵ ڕاوێژکارێکی دەروونی هەبێت بۆئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی زانستی کارەکان ئەنجام بدات، بەجۆرێك لەسەرجەم گەڕەکاندا چۆن بنەکەی پۆلیس هەیە چۆن قوتابخانە هەیە ئاوەهاش سەنتەرێکی ڕاوێژکاری دەروونی هەبێت بۆئــەوەی توێژینەوە لەســەر ئەو حاڵەتانە بکات و ئەنجامی زانســتی ئەو حاڵەتانە هەبێت.

**جیاوازی لەئامارەکانی کوشتن هەیە**

نەقیــب ژیلەمــۆ ســەبارەت بەجیاوازی نێــوان ئامارەکانــی توندوتیــژی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتــی پزیشــکی دادوەری وتــی «ئــەو ئامارەی لەبەڕێوەبەرایەتی پزیشــکی دادوەری هەیە جیاوازە، چونکە ئافرەتێك بــە ڕووداوی ئۆتۆمبێــل دەمرێــت یــان دەخنێکێت یان بەکارەبا دەمرێــت هەمووی لەلای ئەوان تۆمار دەکرێت، یان ئافرەت هەیە مانگی یانزەو دوانزەی پار ســاڵ مردووە کەچی تەرمەکەی هەر لەتەبابەی عەدلی ماوەتەوە لەبــەر ئەوە ئامارەکــەی ئەوان لەگەڵ هی ئێمە جیاوازە.

هەربۆیە کێشــەی ئێمــە لەوەدایــە هەرگیز ئافرەت ڕ ا ســتیە کە ناڵێت، زۆر کێشە هەبــووە ئافرەت کە ســووتاوە لەپێش ئەفســەری لێکۆڵینەوە و دادوەر وتوویەتــی کە ســووتاوم بەقەزاو قــەدەر کەچــی کاتێك کەوەفــات دەکات کەســووکارەکەی دێن و شکایەت لەپیاوەکە دەکەن دەڵێن لەداخی مێردەکەی خۆی سووتاندووە و یاخود خۆی کوشتووە، ئەمەش کێشــەیە، چونکــە دوای مردنی ئــەو ئافرەتە هەرچەندە شــکایەت بکرێت ئەوکات ئیســپات زەحمەتە، کێشە دەکەویتە نێــوان دادگاو خێزانەکە. ئەوکات خێزانەکە گلەیی دەکەن و خۆیان بەمافخوراو دەزانن، بەڵام ناشــزانن کە کچەکەیان بەر لەوەفاتی کێشەکەی گەورە کردووە ڕاستیەکەی باس نەکردووە.

ســەبارەت بــەوەی بۆچی ئافــرەت پەنا دەباتە بەرخۆکوشــتن بۆچــی دەکوژرێت، جەزا ســەرۆکی توێژەران وتی «هۆکاری کوشتنەکە ئەگەر لەلایەن کەسانی ترەوە بێت دەگەڕێتەوە بۆ مومارەسەکردنی حەزەکانی ئافرەتان لەژیاندا، لەبەر ئەوەی ســەرجەم ئەو ئافرەتانەی کــە دەکوژرێن دەیانەوێت مومارەســەری حەزەکانی خۆیــان بکەن لەژیاندا و بەس لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە تارادەیەك خاوەنــی کەلتوری پیاو ســالارییەو خاوەنــی دابوونەریتی کۆنە، قبوڵــی حەزەکانی ئافرەت نــاکات و لەم حاڵەتەشــدا ئافرەت ڕووبەڕووی کوشــتن و توندوتیــژی دەبێتەوە، بەشــێکی تری هۆکارەکان کەئافرەت خۆی خۆی دەکوژێت دەگەڕێتــەوە بۆئــەو فشــارە دەروونی و فیزیکیەی لەسەر ئافرەت هەیە، بەتایبەتی لەحاڵەتی ژیــان وەك مرۆڤێك ئەو ئافرەتە لەلایەن کۆمەڵگەو خێزانیشەوە ڕووبەڕووی فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەبێتــەوە، ئا لەم کاتەشــدا ئــەو مرۆڤە کەســێکی نامۆی لێدروست دەبێت و پەنا بۆخۆکوشتن دەبات.

# منداڵ دەبێتە قوربانی دوای

**ڕۆژ بەرۆژ ڕێژەی تەڵاقدان لەکوردستان ڕوو لەزیادبوونە و لەم کاتەش دا بەردەوام منداڵ دەبێتە قوربانی دوای جیابوونەوەی**



زۆر حەزدەکەم باوکم ببینم بۆئەوەی ماچی بکەم و بچمە باوەشی

هاژە ئەحمەد تەمەنی ١٠ ساڵە ماوەی دوو ساڵە دایك و باوکی جیابوونەتەوە و دەڵێت «زۆر تامەزرۆی ئەوەم وەك جاران بگەڕێمەوە ماڵی خۆم لەگەڵ دایك و باوکم بژیم» هاژە باس لەوەش دەکات، کەدایك و باوکی بەردەوام شەڕ و هاواریان بوو هەموو کات دایکم دەگریا، ئێستاش ماوەی دوو ساڵە باوکی خۆی نەبینیوە و زۆر حەزدەکات باوکی ببینێ بۆئەوەی ماچی بکات و بچێتە باوەشی.

لەکاتی جیابوونەوەدا ئەو دایك و باوکە هیچ حسابێك بۆ ئەو منداڵە ناکەن

چالاکوان بێریڤان خدر مەولود پسپۆڕ و شارەزای کۆمەڵایەتی و بەرپرسی ئەنجوومەنی قەزای ناوەندی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەڵێت «ڕۆژانە ئەو کەیسانە دەبینن کەتووشی لێکترازان و جیابوونەوە هاتوون، بەداخەوە زۆرجار دەیبنین ئەو کەیسانە کەدێنە لامان ئافرەت و پیاوەکە کێشەیەکی ئاساییان هەیە کەچی لەیەکتری جودادەبنەوە بەبێ ئەوەی بیر لەئاییندەی منداڵەکانیان بکەنەوە، بەجۆرێك لەکاتی جیابوونەوەدا ئەو دایك و باوکە هیچ حسابێك بۆئەو منداڵە ناکەن، لێرەدا ئەو منداڵەی کە دایك و باوکی جیابوونەتەوە بۆتە قوربانی کێشەکانی دایك و باوکان، بەداخەوە ئەو منداڵە ڕووبەڕووی زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی گۆشەگیر دەبێت، چونکە ئەو منداڵە ناتوانێت وەك منداڵانی تر مامەڵە بکات، منداڵەکانی تر گاڵتەی پێدەکەن و پێی دەڵێن کە تۆ بێ باوکی یان بێ دایکی، ئا لەم کاتەدا ئەو منداڵە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ناتوانێت ببێت بەکەسێکی کۆمەڵایەتی، چونکە کۆمەڵگە نیشانەیەکی پرسیار لەسەر ئەو منداڵە دادەنێت و کۆمەڵگە هەرگیز مامەڵەی دروست لەگەڵ منداڵێك ناکات کە دایك و باوکی لە یەکتری جودا بوونەتەوە، لەڕووی دەروونییەوە کەسێکی شەڕانگێزی لێ دروست دەبێت، چونکە لەسۆز و خۆشەویستی دایك و باوك بێبەشبووە و بەپێچەوانەوە هەست بەنامۆبوون دەکات.

تارا ئەسعەدی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و جێگری لیژنەی مافەکانی منداڵ هەر سەبارەت بەم پرسە وتی: بە بەردەوامی هەوڵی چارەسەری کێشەکان دەدەین، ئەوەی شوێنی سەرنج بێت هەتا ئێستا لەو یاسانەی کە تایبەتبێت بەمنداڵ ئیشی ئەوتۆی لەسەرنەکراوە کە زۆرتایبەت بێت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق، بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت وەك یاسا ناتوانرێت ڕێگری لەجیابوونەوە بکرێت، بەڵکو بەوشیارکردنەوەی خێزان و منداڵ دەتوانین زیاتر کار لەمبوارەدا بکەین، ئەو یاسایەی کەئێستا لەبەردەست دابێت یاسایەکە بۆبینی منداڵ و هەوڵی ئەوە دەدەین کە یاساکە بەشێوەیەك بێت منداڵ لەسۆز و خۆشەویستی دایك و باوك دانەبڕێن.

هەروەها دانیشتنمان لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکان و لایەنە پێوەندیدارەکان وەك وەزارەتی کار کردووەە بۆئەوەی هەڵمەتێك دەستپێبکەین قەناعەت بەو دایك و باوکانە بهێنین کە کێشەیان هەیە هەوڵی ئەوە بدەین بزانن ئەوان هەر کێشەیەکیان هەبێت چارەسەری بکەن لەوە باشترە کە ئاییندەی ئەو منداڵە بخەنە مەترسییەوە، واتا بزانن کە ئەوان منداڵێك لەنێوانیاندایە، لەوانەیە ئەو دوو هاوسەرە کێشەیان هەبێت و دەبێت بزانن کە ئەوان منداڵ کۆیان دەکاتەوە. تارا ئەوەش دەخاتەڕوو و دەڵێت «ئێمە وەك پەرلەمان بەردەوام هەوڵ دەدەین چارەسەری سەرجەم گرفتەکان بکەین و ڕێژەی جیابوونەوەش کەمبکەینەوە، بەداخەوە ئەمساڵ ئەو ڕێژەیە زۆر بەرزبووەتەوە بەهۆی نەگونجاندن و تێگەیشتنی هەڵەی هەندێك لەتاکەکان کە وادەکەن بەهۆیەوە جیابوونەوە ڕوودات، واتا مافێك دەدرێت بەکەسێك، بەڵام لەکەسێکی تر دەسەندرێتەوە.

### منداڵ ڕووبەڕووی گرفتی دەروونی دەبێتەوە

د. یوسف حەمەساڵح سەرۆکی بەشی دەروونی لەکۆلێژی ئاداب سەبارەت بەو کێشەو گرفتە دەروونیانەی کەمنداڵ دوای جیابوونەوەی دایك و باوك بەسەری دێت وتی «لەهەموو کاتێکدا جیابوونەوەی دایك و باوك ئاسەواری زۆر خراپی دەروونی لەسەر کەسایەتی منداڵ دروستدەکات، بەڵام بێگومان ئەگەر ئێمە بمانەوێت کەسایەتیەکی

# جیابوونەوەی دایک و باوک

**دایك و باوك، بەردەوامیش ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبنەوە و هەست بەدابڕانی سۆزی دایك و باوك دەکەن. کۆمەڵگەش بەچاوێکی نزم سەیری ئەو منداڵە دەکات.**



سروشتی و باش بۆ منداڵ دروست بکەین، پێوستی بەکەشو هەوایەکە سەرجەم پێداویستی ماددی و مەعنەوەی لەلایەن دایك و باوکیەوە بۆدابین کرابێت، بێگومان ئەو دایك و باوکە پێویستە خاوەنی هەستێکی مەعریفی گرنگ بن بۆئەوەی بتوانن هەستێکی جوان و پڕ لەسۆز بەو منداڵە ببەخشن، بەڵام ئەگەر نەیانتوانی ئەو سۆز و خۆشەویستیە بەو منداڵە ببەخشن، ڕەنگە ئەو منداڵە ڕووبەڕووی گەورەترین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ببێتەوە، ئا لەم کاتەدا ئەو منداڵە بەر لەوەی دایك و باوکی لەیەکتری جودابنەوە لەماڵێکی پڕ لە کێشە و گیروگرفتدا دەژی و ئەوەی گرنگە دوای ئەوەی کەجودابوونەوە ئەو منداڵە چی بەسەردێت و لەکوێ دەژیت؟ بۆیە پێویستە ئەو منداڵە ببرێتە کەشێکی باشتر و ئەو ماڵەی تێیدا دەژی ئارامتربێت لەماڵی خۆیان لەو ماڵەی کەدایك و باوکی تێیدا ژیاوە. زۆر کاریگەرییەکی سلبی لەسەر ژیانی ئەو منداڵە بەجێنەهێڵێت، ڕەنگە تاڕاددەیەك ژیانی گۆڕانی بەسەردا بێت لەبەرئەوەی دایك و باوکەکە نەیانتوانیوە وەك پێویست ژیانێکی ئارام و پڕ لەخۆشگوزەرانی بۆئەو منداڵە دابین بکەن.

هەر سەبارەت بەم بابەتەش پارێزەر ئومێد عەبدوسەلام وتی «بەپێی یاسا منداڵ دوای جیابوونەوە مافی دایکە ئەو منداڵە دەدرێتە دایك، ئەو باوکە ئەوکات دەتوانێت مانگی دووجار ئەو منداڵە ببینێت. تاکو منداڵەکە تەمەنی دەگاتە ١٨ساڵ دوای ئەوە منداڵەکە بڕیار دەدات لای باوکی بێت یان لای دایکی، بەڵام منداڵ لای کێ گەورەبێت هەر لای ئەو دەبێت هەر ئەوی دەوێت، ئینجا دایك بێت یان باوك.

ئومێد ئەوەش دەخاتەڕوو ئەگەر دایکی شووبکاتەوە ئەوکات دەتوانێت تەعەهودێك بدات بۆئەوەی مێردە تازەکەی منداڵەکە بەخێو بکات، ئەگەر دایکەکەش کۆچی دوایی کرد ئەوکاتە یاسا ئەو منداڵە دەدات بە باوکەکە بۆئەوەی بەخێوی بکات، چونکە باوك مافی بەخێوکردنی ئەو منداڵەی هەیە لەدوای دایکی.

مامۆستا ئەحمەدی شافیعی سەرۆکی لیژنەی فەتوا لەیەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان دەڵێت (بێگومان لەڕووی شەرعیەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دوای جیابوونەوە منداڵ دەدرێت بەدایك هەتا ئەوکاتەی منداڵ دەگاتە (سن التمیز) واتا تەمەنێك کەتوانای جیاکردنەوەی چاك وخراپەی هەبێت خۆی بتوانێت بڕیار بدات لەسەر ئەوەی چ هەڵدەبژرێت و خۆی کەسی بڕیاردەردەبێت، لەو کاتەدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام منداڵەکە سەرپشك دەکات، بەڵام ئەوەی شوێنی سەرنجە لەڕووی شەرعیەتی ئیسلامەوە کاتێك کەدایکەکە شوودەکاتەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام منداڵ دەدات بە داپیری ئەگەر داپیری واتا دایکی دایکی نەبێت، منداڵەکە دەدرێت بەدایکی باوکی منداڵەکە، لەبەر ئەوەی لەبەرژەوەندی منداڵدا نییە لەدوای شووکردنەوەی دایکی لەگەڵ پیاوێکی نەناسراودا بژی، بێگومان لەڕووی شەرعەوە بۆیە بەمشێوەیە دانراوە لەبەر ئەوەی کە کاتێك ئافرەت شوودەکاتەوە منداڵەکە دەبات بۆ ماڵی مێردەکەی، ئەوا لەبەرژەوەندی منداڵەکەدا نییە تەنیا لەحاڵەتێکدا نەبێت ئەگەر زۆر بچووك بێت، بەڵکو ئەگەر کرا ئەو منداڵە کەسێکی تر پەروەردەی بکات باشترە، چونکە لەبەر ژەوەندی منداڵدا نییە بچێت لەماڵێکی نامۆدا گەورەبێت و لەگەڵ پیاوێکدا بژی کەباوکی ڕاستەقینەی نەبێت، ئەمە لەڕووی شەرعیەتی ئیسلامیەوە دانراوە کە نابێت منداڵ لەگەڵ کەسێکی غەیرەدا بژی).